گەنجێک لە دهۆک بەهۆی ڕەخنەیەک لە گرتەڤیدیۆیەکدا لە خوێندنی ماستەر بەبەشکرا و دەستگیرکرا

"بەهۆی دوو ڕۆژ ئامادەنەبوونی لە زانکۆ لە خوێندنی ماستەر بەبەشکرا".

ئاراس حسێن، کە خوێندکاری ماستەربوو لە بەشی زانستە سیاسیەکان هەروەها کاری ڕۆژنامەوانی دەکات، دوای ئاوڕی بەهۆی دوو ڕۆژ نەچوونی بۆ زانکۆ بیاری دوورخستنەوەی درابوو، لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا ڕەخنەی لەو بیارەی سەرکایەتی زانکۆ گرتبوو، بەهۆی ئەو ئاستا دەستگیرکراوە.

ئاراس لە گرتەڤیدیۆیەکدا باسی لەوەکردبوو، کە بیاری دەرکردنی لە زانکۆ سیاسیە و لەلایەن حزبەوە دەرچووە، بەو پێیەی سەرکی زانکۆ پارتیە.

بۆ وتەی ئارام حسێن، بۆ ئاراس حسێن، ئەمڕۆ براکەی بۆ وەرگرتنی وتە لەسەر ئەو گرتە ڤیدیۆیە چووەتە بنکەی پۆلیس و دواتریش نەدراوە بۆ دادگا، بۆیە لەوە بیاری دەستگیرکردنی دراوە و لە ئاستا لە گرتووخانەی دهۆک ڕاگیراوە و ڕێگەش نادرێت بۆ کەفالەت ئازادبکرێت، چونکە کێسەکەی بۆ سیاسی کراوە.